# زانین و دەسەڵات:
# خوێندنەوەی فوکۆ وەك خۆی

د. کەمال میراودەلی

## بەشی یەکەم

گەر فوکۆ بناسی و ڕێزی خۆناسین و بیرکردنەوەی بگری، دەبێ بەلاتەوە فرە ئەستەم بێ تەنانەت هەوڵی ناساندنی بدەی. (مرۆڤ) لە (جەستەیەك) و (وشەیەك) پتر نییە، کە دادەهێنرێ، دەنووسرێ، دەنووسرێتەوە، لە هەزاران کەلێن و دەراخن و ناواخن و کۆئاخن و ئاراگە و زانگە و شوێن و بۆشگاکانی بوون و دەسەڵاتدا، بەشێوەی دووبارە بۆوە، یان جیاواز، بە کاردێ و بێ پەروا دادڕێژرێتەوە و و دروست دەکرێتەوە.
ترسی گەورەی فوکۆ ئەوە بوو کە هەوڵی ناسینی بدرێ، کە (فەسالْ)ی بدرێتێ، کە لە ناو بۆتەی یەك کۆزان و یەك پێناسەدا بمەیەنرێ، کە لە تاکە (چەقە) ڕێیەکدا بچەقێندرێ، کە بکرێتە (دەزگا) یەك و کۆمەڵەزنجیرەیەکی واتا و لێکدانەوەی پێوە بەند بکرێ، کە بکرێتە (چاوگەیەکی) تیۆریی و یاسا و ڕێوشوێنی بیریی و تۆتالیتاری لێ هەڵبچێنرێ...
بە کورتی کە بکرێتە فەیلەسوفێك یان خاوەن فەلسەفەیەك بۆ لێکدانەوەی مێژوو، ژیان، مرۆڤ، بیر..!
ئەدی چی، چۆن، ئاخر؟!
ئەمەیە پرسیارەکە.
ئەمەیە ئەو پرسیارەی پرسی فوکۆ دەیپرسێنێ.
ئەمەیە ئەو ترسەی فوکۆ بە بەر هۆشی مرۆڤ بە تایبەتی مرۆڤی خۆراوابیدا دەیکا؟
ئایا ڕاستە هەموو پرسەکە: یەك پرسە، هەموو وشەکان یەك وشەن، هەموو ئەنجامەکان یەك ئەنجامن: دەسەڵات؟
ئایا ڕاستە ئێمە هەموو کۆبەندەکان، بیربەندەکان، کۆشکە مەزن و ڕازاوەکانی خەیاڵ و بیر، تەنێ لە زماندا دروست دەکەین و هەڵدەچنین و بە پراوەیەکی پاڵپێوەنەرانە و هەوڵێکی هەڵوەشێنەرانە: بناغە ڕووتەکان دەردەکەون: تۆتالیتاریی، بە ئاگایی، بێ ئاگایی دەسەڵات.
ڕاستە پۆستمۆدێرنیزم لە سێکوچکەی فوکۆ درێدا و ویتگنشتاین دا ئاوێنەیەکی گەورە و کاریگەری ناهیلزم بەرەو ڕووی مرۆڤ ڕادەگرێ؟
ڕاستە بە هەڵوەشاندنەوەی خودی کۆبەندی زمان و نێوبەند و بنبەندەکانی، وادەکەن (عەقڵ) لە خۆیەوە داوەشێ و بپوکێتەوە و هەموو ئەو کۆبەندە بیرییانەی لەسەری هەڵچنراون هەرەس بێنن؟! ئەوسا مرۆڤ و مرۆڤایەتیش لەسەر بۆشایی بێ زەمیندا هەڵدەواسرێن؟!

ئەمە پرسیارێکی گەورە و سەخت و مەترسیدارە.. چونکە بۆ وەڵامەکەی مرۆڤ وا لێدەکا بە زەقی و واقوڕماوی چاو لە چاوی (مەرگ) ببڕێ؟1
ئایا بیری (مەرگ) وەك پێویست هاتۆتە ناو کۆبەندی زمان و بیری فەلسەفی و زانستی مرۆڤەوە؟!
ئەو ترسەی فوکۆ لە (فەساڵ) پێدان، لە چوارچێوە تێگرتن و لە ئاوێنە بەرامبەر ڕاگرتن هەیەتی: ئا ئەمەیە فوکۆ؟ بەشێکی گەوهەرییە لە تێگەیشتنی فەلسەفیی تایبەتی فوکۆ خۆی، بەشێکی بنەگەهییە لەو ترسەی لە هەموو قۆناغ و هەنگاوێکی ژیانیدا لەگەڵی بوو، بەشێکی سەرەکییە لە چۆنێتی دەستپێکردن و پەڕەسەندن و دامەزرانی میتۆدە فەلسەفییەکەی.
دەڵێم : میتۆدە فەلسەفییەکەی، ناڵێم فەلسەفەکەی.
دیارە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەو دووانەدا هەیە.
فوکۆ میتۆدێکی فەلسەفیی نوێ دەداتە دەست خوێنەر نەك بەرنامەیەکی فەلسەفی.
میتۆدێك کە نایەوێ فەلسەفە بە ئەنجام بێنێ، بەڵام دەتوانێ مامەڵە لەگەڵ ئەنجامی هەموو فەلسەفەکان و کۆبەندەکانی بیر بکات.
میتۆدێك کە بڕندەیە بە هێزی شك و شیتاڵکردنەوە، کە هیچ چەقێك، وێنەیەك، هێڵێکی بەردەوامیی، ناوەندیی هێز و دەسەڵات و سیستمێکی ئایدیۆلۆژی ئەستەمە خۆی لەبەر ڕاگرێ.
لە (ئارکیۆلوجی زانین)دا، ئەو کتێبەی کە لەم کتێبەدا هەوڵی خوێندنەوە و شیکردنەوەی دەدەم، فوکۆ دەنوسێ: (_مەپرسە من کێم... و مەخوازە وەك خۆم بمێنمەوە.. با ئەوە بۆ بیروکرات و پۆلیسەکان بەجێ بێڵین داخۆ پسوولە و پێناسەکانمان ڕێك و دروستن.. ڕەنگە من تاکە کەسێك نەبم بۆ ئەوە دەنووسێ فەساڵی نەبێ.)
فوکۆ بۆیە دەنووسێ  فەساڵی نەبێ، بە هیچ تاکە رەنگ و ڕوخسارێکی تایبەتی نەناسرێتەوە، لە ناو هیچ پێناسەیەکدا ئۆقرە نەگرێ، وەك مانا و مەراقی ژیان خۆی، لە بارێکەوە بۆ بارێکی دی، لە بارانێکەوە بۆ بارانێکی دی، لە هاروژانێکەوە بۆ خروشانێکی دی: بڕژێ و بڕاژێ.
کەوایە کامەیە فوکۆ؟
کەوایە پرسیارەکە ئەوە نییە: فوکۆ کێیە؟ پرسیارەکە ئەوەیە: فوکۆ کامەیە؟
ڕاستە: فوکۆ خەیاڵ نییە، بۆشاڵ نییە، تارماییەکی بیر و ئەندێشە نییە.
فوکۆ (نووسەر)، بیرمەند، مێژوو نووسی ئایدیا، هەیە و لە بیر و وشەکانیدا دەمێنێ و تا دێ مەزنتر و نەمرتر دەبێ..
فوکۆی (مرۆڤ) یش، فوکۆی بایۆلۆجی، وەك هەر مرۆڤێکی دی هەبوو.
هەبوو.. بوو- و مرد!

لە نێوان خاڵی بوون و خاڵی لەناوچووندا، ئەو ژینە چەند ساڵییە، بۆشگایەکی مەزنی لە بیر و ئەندێشەی (مرۆڤایەتی) داگیر کردووە. (گەرچی فوکۆ بەم زاراوەیەش: مرۆڤایەتی (هیومانیزم) خۆشی نەدەهات.)
جا ئێستا ئێمە دەبێ لە ناوی (فوکۆ) دا ئەو بۆشگایە (فەزایە) بناسێنێن و شیکاریی بکەین.
یان دەبێ لەناو ئەو بۆشگایەدا، لەتوکوتەکانی فیزیکی ژیانی فوکۆ بەسەر یەکخەینەوە بۆ ئەوەی (دەموچاو) یان ڕوخسارێکی پێ بدەین کە نەیدەویست هەیبێ؟!
بۆ مەزنە بیرمەندانی وەك فوکۆ هەمیشە ئەو پرسیارە خۆی دەنوێنێ.
بیر لە ژیانیاندا بخوێنینەوە، یان ژیانیان لە بیریاندا؟!
لە کۆڵانەکانی منداڵیدا بۆیان بگەڕێین، یان لە کۆبوونەکانی (گەردوون، کەون) هزردا؟
فوکۆ ئەو جەستە شەکەت و ژانداره بوو کە لەسەر دووپێ دەرۆیشت و بە دوو چاوی زەق سەیری بەرپێی خۆی دەکرد، یان ئەو (هۆشە) مەزنە بوو کە لە ئاخاوتندا خۆی خۆی دروست کرد؟!
هەڵبەت فوکۆ ئەم جیاکردنەوەیەش لە نێوان جەستە و هۆشدا، کە بۆنی ستراکتورالیزمی لێ دێ، بەگەن نەدەکرد.
فوکۆ ئەو هۆشیارییە خەستەی هەبوو کە مرۆڤ لەشێکە مەرگ چاوەڕێی دەکات.
لە بیر کردنەوەی فوکۆ دا، لەش و مەرگ و ئاخاوتن و ئاراگە و کۆبەندیی کۆمەڵ و دەسەڵات بە چڕی و ریزبەندیی تێکەڵن.
هەرچۆنێ بێ، باسی جیهانی بیرکردنەوەی فوکۆ بۆ دوایی بەجێ دێڵین: بۆ دەقی ئاخاوتن و ڕاگەیاندنەکانی خۆی..
وەلی ناشێ پێوەندی ژیانی فوکۆ- و فوکۆی بەرهەمەکانی فرامۆش بکەین.
ئەگەر ئایدیایەکی (هیگل ئاسایی)ش لە سەرەوە و لە دەرەوەڕا، فوکۆی گرتبێتە بەهانە و ئامرازی دەربڕینی خۆی، ئەوا لەم حاڵەتەشدا، بوونی فوکۆی ژیانی بایۆلۆجی، لە کات و شوێنی دروستدا و وەڵامدانەوەی بۆ هەلومەرجە تایبەتی و کۆمەڵیی و مێژووییەکانی ئەو کات و شوێنە، وای لە فوکۆ کرد، لە فوکۆی کاتبەندیی لەشەوە ببێتە فوکۆی بیر.
کورتە ژیننامەیەك، بایۆگرافییەك، چەند ڕستە و پارەیەك، پێمان دەڵێن: ئەو مرۆڤەی بوو بە فوکۆ چۆن بوو، چۆن ژیا، و لە هەر قۆناغێکی ژیانیدا، چۆن (فوکۆ) یەك و کام (فوکۆ)یە بوو؟
(مەپرسە من کێم، مەخوازە وەك خۆم بمێنمەوە!
ئەوە هاواری فوکۆیە، بۆ ئەوانەی دەیانەوێ فوکۆ ببێتە دەقێکی دیاریکراو و بتوانن لەبەری بکەن و دایکەنن، تێکیکەنەوە و پەڕپەڕەی بکەن، بیکەنە ئامرازی ئایدۆلۆژیا و دەسەڵات نەك چەکی دژ بە هەموو تۆتالیتاریایەکی بیر و دەزگا و دەسەڵات.

فوكۆ (Paul. Michel  Foucault) – ژیانی كۆمەڵایەتی

وتنی ناوەكەی فوكۆ – یە نەك فۆكۆ.
پۆلمایكل لە پازدەی ئۆكتۆبەری ساڵی 1926 دا لە شاری پۆیتە Poitiers كە 250 میل لە باشووری پاریسەوەیە لەدایك بوو. خێزانەكەی بە پێوانەی ئەوسا بە بۆرژوازی دەژمێردرا. باوكی دكتۆرێكی نەشتەركار surgeon بوو – و لە خوێندنگەی پزیشكیش وانەبێژ بوو. دایكی ژنێكی خاوەن بیروڕای بەهێزی خۆی بوو، كاروباری دارایی و ئۆفیسی مێردەكەی بەڕێوە دەبردوو ئازایانە ماشێنی لێ دەخوڕی. باوكی سۆزی هەبوو، بەلام توندو ڕەقیش بوو. دایكی گورج و گۆڵ و بەخۆوە بوو بەتەنگ منالەكانییەوە دەهات. ژیانی سەرەتایی فوكۆ لەگەڵ خوشكێكی لە خۆی گەورەترو برایەكی لە خۆی بچووكتر ژیانێكی ئاسایی بوو.
لە قوتابخانە فوكۆ زێدەپۆش و كورت – بین بوو. بۆیە هاوپۆلەكانی خێرا ناویان لێنا: پۆلچینیل polchinelle كە ناوی كەسێتییەكی هەزەلی پشت كۆمە. بە منالی فوكۆ خەونی بەوەوە بینیوە بێتە ماسییە ئاڵتوونە goldfish. لە تەمەنی دەساڵیدا فوكۆ یەكەم گرۆی پەنابەرانی هەلاتووی شەڕی نێو خۆی ئەسپانیای لەسەر شەقامەكانی پۆیتە بینی. سێ ساڵ دواتر ئەڵمانیا پۆلەندای داگیركردوو شەڕی جیهانی دووەم دەستی پێكرد. كە فوكۆ بوو بە چواردەساڵ، سوپای ئەڵمانیا چووە ناو فەرەنساوە، لەشكری فەرەنسی پاشە كشێی كردو تەنانەت شارۆچكەكەی فوكۆش پۆیتە كەوتە مەترسییەوە. دكتۆر فوكۆ ( باوكی فوكۆ) بنكەی پزیشكی فریاگوزاری لەشاردا دامەزراندن. لە پشتەوە دایكی فوكۆ ئازایانە كارەكانی ڕادەپەراندن. فوكۆی لاو بە واقورماییەوە سەرنجی ئەم پێشهاتانەی دەدا. ئەو هاوینە لە تاقیكردنەوەكانیدا باش نەبوو. دایكی هەوڵی دا بیگوازێتەوە بۆ خوێندنگەیەك كە چاكتر فێری بكا. لە تەمەنی بیست ساڵیدا لە هەوڵی تاقیكردنەوەی دووەمدا فوكۆ ئەو نمرەیەی هێنان كە شوێنێكی لە خوێندنگەی بەناوبانگی Ecole Normale Superieure لە پاریس بدرێتێ.. ئەمە بنكەی رووناكبیری پاریس بوو- و دەستە بژێری (سەربژاردەی) خوێندكارەكانی فەرەنسا بەوێدا گوزەریان دەكرد. لەو سەرو دەمەدا بوو كە فوكۆ هەستی كرد هۆمۆسێكچواڵە. ئەوسا ئەم رەفتارە نەك تەنیا نائاسایی بوو، بەڵكو بە بیركردنەوەش قبووڵ نەبوو. تەنانەت سەماكردنی پیاوانیش پێكەوە لە بۆنەی گشتیدا بە یاساشكاندن دادەنرا. پۆلمایكل تەنانەت نەیدەوێرا ئەم رازە لای دایكیشی بدركێنێ یان داوای ئامۆژگاری لێ بكات. هەر لەم تەمەنەدا بە تەواوی لەگەڵ باوكیشیدا تێكچوو. پۆلمایكل رازی نەبوو بەدوای ترادیشنی خێزانەكە بكەوێ و ببێ بە دكتۆر. ئەو حەزی لە بابەتی پزیشكی نەبوو. خولیای ئەو بابەتی مێژوو بوو. دەچووە ژوورەكەی خۆی، دەرگای لەسەر خۆی دادەخست و لە كتیبێكی زلی دیكەی مێژوودا خۆی ون دەكرد. لە تاقیكردنەوەكانی (ئیكۆل) Ecole یدا، فوكۆ نیشانەكانی بلیمەتی خۆی نیشان دان.

لە پاریس فوکۆ ناوی باوکی (پۆل)ی لابرد تەنیا ناوی (میشیل)ی بە کار دێنا. ژیانی کۆمەڵایەتی لە پاریس ئاژاوەی تێدا بوو. جارێك سنگی خۆی بە گوێزان بڕی. جارێ بە خەنجەرەوە هاوڕێیەکی خۆی راونا و دایانمەزراند. جارێکی دی خەریك بوو بە زێدە خواردنی حەب خۆی بکوژێ. خووی دایە خواردنەوە. هەندێ جار چەند ڕۆژ ون دەبوو، دوایی بە حاڵەتی دڵپەستی Depression یەوە دەگەڕایەوە بەشی ناوخۆیی خوێندنگەکەی.
فوکۆ هەستی بە تەنیایی دەکرد. هاوخوێندنەکانی بە شێت و نائاسایی سەیریان دەکرد و حەزیان نەدەکرد لەگەڵیا بژین. لە ڕووی هۆشمەندی و زانستییەوە زۆر بلیمەت و کاریگەر بوو. لە ئاخاوتن و گفتوگۆی ڕووناکبیریدا توند بوو. لە دەستیشی دەهات توند خوو بێ. تەنیا کاتی خۆی بە خوێندنەوە و خوێندنەوەی پتر پڕ دەکردەوە. لەمەدا لە زۆر لە هاوەڵەکانی تێپەڕاند.
دوایی فوکۆ لە نووسینێکدا دەربارەی (سنووربەزاندن) ژیانی نهێنی سێکسی خۆی ئاشکرا دەکات.
فوکۆ دەڵێ (من نێرباز بووم لە دوا سالانی باڵقیم دا چالاکی سێکسیم هەبوو، بەڵام دەبوو ئەم حەزەم بشارمەوە).
فوکۆ بە توندی مرۆڤێکی سەربەخۆ بوو.. ئەو هەر لە سەرەتاوە خۆبەند بوو بە ئازادی خۆی و کەسانی دیکەوە.. ڕقبوونەوەی ئەو لە چەوساندنەوە، لەناو قەدی هەرە ئاڵۆزترین و زانسترین گفتوگۆو ئاخاوتندا هەڵدەگیرسا. ئەو کارە هەرە دوورە دەستەکانی خۆشی وەك ئامرازو ئامێرگەلێك دژی ستەمگەرییە جۆراوجۆرەکان دادەنا . ئەو ئاکامەشی هەبوو کە دەیخواست. ئەو بوو بە پاڵەوانی بزوتنەوەی دژ بە سایکیاتریی، چاکسازیی زیندانەکان، ئازادی هۆمۆسێکچوەلەکان، هتد. دوای مردنی باوکی، فوکۆ تەمەنی 34 ساڵ بوو، بە میراتەکەی فلانێکی لە پاریس کڕی لە شەقامی دکتۆر فینلی. فوکۆ لەم دەمەدا ئاشنایەتی لەگەڵ خوێندکارێکی فەلسەفە پەیداکرد کە ناوی ( لانیال دیفێرت بوو) ئەو کوڕێکی گەنجی ئەسمەری قۆز بوو. بە سیاسەتی چەپەوە خەریك بوو. دژی جەنگی فەرەنسی بوو لە جەزائیر فوکۆش دژی ئەو شەڕەبوو. بەڵام فوکۆ لەگەڵ هەڵوێستی ئێکستریمی دیفێزت نەبوو کە حکوومەتەکەی دیگۆلی بە (دەوڵەتێکی فاشستی) دادەنا. لەگەڵ ئەوەشدا فوکۆ بە سۆزو حەماسی سیاسی ئەو کوڕە سەرسام بوو. بوونە دۆستێکی نزیك و دوایی خۆشەویستی یەکتری. کورەکە دەساڵ لە فوکۆ گەنج تر بوو.. گواز تییەوە بۆ ناو فلاتەکەی فوکۆو بۆ ماوەی ( 25 ) ساڵێك وەك خۆشەویستی یەکتر مانەوە.

ئەو ناکۆکی و بەرزیی و نزمییەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەبوو، ئەو حەزە گەورەیەی لە مێژوو و ڕقبوونەوەی لە پزیشکی، لە ئەنجامدا تەبایی خۆیان لە بابەتی فەلسەفەدا بینیەوە، بە تایبەتی – لە سەرەتادا- لە هیگلدا. هیگل سوور بوو لەسەر ئەوەی مێژوو تەبایی و مانای مەزنی گرتۆتە خۆی.

فوکۆ بە خێرایی لە ڕووی هۆشمەندیی و عاتیفییەوە پێگەیی. پێگەیشتنە کەلتووریی و بیریەکەی یارمەتی‌دا لە ڕووی عاتیفیشەوە باشتر لە خۆی بگات.. ئەوەی قبووڵ کرد کە هۆمۆسێکچوەڵە.
لە ساڵی 1951 دا دوا تاقیکردنەوەکانی لە Ecol دا و ئەنجامی زۆر بەرزی بە دەست هێنا. لەبەر ڕابردووی دەروونی و حاڵەتی دڵپەستی کە لەگەڵی بوو، لە خزمەتی سەربازی بەخشرا. لە ENS وانەی فەلسەفە و سایکۆلۆژی وتەوە. گرنگیدان بە سایکۆلۆژی وای لێکرد زۆر جار سەر لە بەشی سایکیاتری لە خەستەخانەی (شێتەکان) Hospital Sainte-Anne بدات، تا وای لێهات وەك کارمەندێکی بێ مووچە حیساب دەکرا و تەنانەت ڕێگەی ئەوەی پێدرا لە ڕووی پزیشکییەوە چارەسەری خەستەکان بکات. لەم دەمەدا بوو کە فوکۆ زۆر پرسیاری گرنگی دەربارەی سایکۆلۆژی لا گەڵاڵە بوون. هەر لەو کاتیشدا لە پاریس لە قاوەخانەکانی ڕووناکبیراندا لە لێفت بانك Left Bank دەستی کرد بە تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی. لەوێ تووشی مۆسیقاسازێکی گەنج دەبێ بە ناوی جین باراك Jean Barraque.. توانستی مۆسیقی و ڕووناکبیریی و کەسێتی ئەو کاری تێدەکا. ئەو دوو ساڵ لە فوکۆ گەنجتر بوو. وەك ئەو بە نیچەوە سەرسام بوو. هەردووکیان دڵیان بەیەکەوە نیشت و بوونە خۆشەویستێکی بەسۆزی یەکتر. لای هەردووکیان فەلسەفە و مۆسیقا بوونە یەك شت. پارچە مۆسیقایەکی باروك بە ناوی Sequene دەقێکی نیچەی تێدایە کە فوکۆ بۆی هەڵبژارد بوو:
[ئایا گەر یەکدیمان خۆش بوێ.. نابێ ناحەزی یەکتر بین. من Labyrinth (ئالۆزگەی)ی تۆم] خۆشەویستی نێوانیان بە توندی پەرەی سەند. هەردوو دایانە خواردنەوەی زۆر. زۆر جار دەمە قاڵێ و هەرایان دەبوو. بڕیاریان دا ماوەیەك لێك دوور کەونەوە. فوکۆ لە ساڵی 1955 وەزیفەیەکی بچووکی لە زانکۆی ئۆبسالا قبووڵ کرد. پێوەندی نێوانیان سارد بۆوە. بەرهەمی مۆسیقی باروك بەردەوام بوو ، بەڵام بەو چڕی و هێزە نا. لەسەر خواردنەوە بەردەوام بوو لە ساڵی 1973 دا لە ئەنجامی ئەلکوهیلزم مرد.
لە سوید فوکۆ دنیایەکی ئارامی دیتەوە. زیاتر کامڵی پێوە دیار بوو. زیاتر لەگەڵ خۆیدا تەبا بوو. سەیارەیەکی جاگوارJaguar ی کەشخەی کڕی. لە زستانە درێژەکانی سویددا، بوو بە میوانێکی ناسراوی ئێوارە زیافەتەکان. حەزی لە دروستکردنی خواردنی فەرەنسی بوو، لەگەڵ شەراب. سەری دەستی کرد بە ڕووتانەوە. قاتێکی تارتانی لەبەر کرد. لە شەوانی تەنیاییدا بە جاگوارەکەیەوە بە دوای پیاواندا دەگەڕا.
فوکۆ لە زانکۆی ئۆپسالا، وانەی ئەدەبی فەرەنسی دەوتەوە. قوتابییەکانی بە زۆری کچی هەژدە ساڵ بوون. بابەتی کۆرسەکەی (بیری خۆشەویستی لە ئەدەبی فەرەنسیدا لە مارکیز دی سارد- ەوە Marquis desade بۆ جین جێنیت Jean Genet کە زیاتر بابەتەکانی سادیزم و هۆمۆسێکچوەڵیتی لە ناوەڕۆکی کارەکاندا دەگرتەوە. هەر لەوە کاتەدا فوکۆ لە

گەڕان و پشکنینی بابەتی سایکۆلۆژی نائاسایی بۆ تێزی دکتۆراکەی بەردەوام بوو. ئاخریی، دەسەڵاتدارانی سویدیی زانکۆ تیزەکەیان قبووڵ نەکرد- بەو بیانووەی زۆر ئەدەبییە!!

## ژیانی رووناکبیریی

بەڵام ئەمە خرۆش و جۆشی ڕووناکبیرانەی فوکۆی کپ نەکردەوە. خۆی دەناسی و دەیزانی چ دەکا. بنکەیەکی بەهێزی فەلسەفەی نیچەیی، سایکۆلۆژی و مێژوو و پراوەی پزیشکی، بەرەو هەرێمێکی دەبرد کە هەموو مەرز و سنووری ئەکادیمییە باوەکانی دەبەزاند. کە لە تەمەنی سی و سێ ساڵیدا گەڕایەوە پاریس، هەموو هۆشی خۆی دایە بابەتی شێتیی و دەستی بە نووسینی کتێبی (مێژووی شێتی) کرد کە دوایی بە ناونیشانی (شێتیی و شارستانێتیی) لە ساڵی 1961 دا بڵاو کرایەوە. زمانگۆڕییە (تەرجەمە) ئینگلیزییەکەی بە کورتکراوەیی یەکەمجار لە ئەمریکا لە ساڵی 1965 دا بە ناوی (شێتیی و شارستانێتیی) Madness and Civilization بڵاوکرایەوە.